پشووی ناوەندەکانی خوێندن لەهەرێمی کوردستان درێژکرایەوە



هەردو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایانگەیاند، تاوەکو رێژی دوشەممەی 23ی (ئازار/3)ی 2026 لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن پشوی فەرمی دەبێت.

هەردو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە لەی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا بڵاویانکردەوە، لەپێناو بەرژەوەندی گشتیی و پاراستنی سەلامەتی مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران، لەیەکشەممەی 8ی (ئازار/3)ی 2026 تا دوشەممەی 23ی (ئازار/3)ی 2026 لەگشت ناوەندەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومی و ناحکومی و تایبەت و نێودەوڵەتیەکانیش پشو دەبێت.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، لە 11ی (ئازار/3)ی 2026ەوە تاوەکو 23ی (ئازار/3)ی 2026 پشوی فەرمی بەهارەی ناوەندەکانی خوێندنە.

ڕێژی شەممەی 28ی (شوبات/2)ی 2026 لەڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا هەردو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویانکردەوە، لەپێناو بەرژەوەندی گشتیی و

پاراستنی سەلامەتی مامەستایان و قوتابیان، لە رۆژی یەکشەممە 1ی (ئازار/3)ی 2026 تا چوارشەممە 4ی (ئازار/3)ی 2026 ، لە گشت ناوەندەکانی خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشوی فەرمی دەبێت.